تەوەرە سەرەکیەکانی کۆبونەوەکەی سودانی و بایدن ئاشکرادەکرێن

کۆشکی سپی لە راگەیەندراوەکدا ئاشکرایکرد، لەناوەڕاستی مانگی داهاتوودا سودانی سەردانی ئەمریکا دەکات و لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا کۆدەبێتەوە.

لە راگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەکراوە، لە 15ی نیسانی داهاتوودا لە ئەمریکا سودانی و جۆبایدن کۆدەبنەوە و پێوەندیی ستراتیجیی نێوان ئەمریکا و عێراق و چاکسازی دارایی و بابەتی پێدانی زیاتری دۆلار بە عێراق تاوتوێدەکەن.

ئاماژە بەوەشکراوە، هەر دوو سەرۆک بابەتی سەربەخۆیی وزەی عێراق تاوتوێ دەکەن.

هاوکات نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق راگەیەندراوەکی لەبارەی سەردانەکەی سودانی بە ئەمریکا بڵاوکردوە و رایگەیاند، سەردانەکە لەسەر بانگهێشتی سەرۆکی ئەمریکا بووە.